# رۆڵی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیاڵ میدیا لە زیادبوونی هەراسانکردنی کچان لە هەرێمی کورستاندا

**دڵان ئیسماعیل مولود[1] عبیر محمود جبار [1] محمد عمر کانی [2]**

[1] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب و هونەر، زانکۆی جیهان-هەولێر، کوردستان، عێراق

[2] وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

توێژینەوەکان ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، کە هەراسانکردن دیاردەیەکە لە زۆرێك لەوڵاتانی دنیادا بەربڵاوە بەتایبەت لەسەردەمی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، شێوازەکانی هەراسانکردن زیاتر هەستپێکراوترە، ئەم توێژینەوەیە بەدواچوونێک دەکات سەبارەت بەوەی کە چۆن پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لە هەرێمی کوردستاندا دەبنە سەکۆیەک بۆ زیادبوونی دیاردەی هەراسانکردنی کچان. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەش بریتییە لەخستنەڕووی ڕۆڵ و کاریگەریی و لێێکەوتەکانی، پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لە تەشەنەکردنی دیاردەی هەراسانکردنی کچان لای بەکارهێنەری هەرێمی کوردستاندا، لەم توێژینەوە میتۆدی(وەسفی-بەرێگەی رووپێوی )بەکارهاتووە بۆ باس کردن وهەڵسەنگاندنی رادی کاریگەری پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لە زیادبوونی هەراسانکردن ئەمەش لەڕوانگەی سامپڵێك لە کچانی نیشتەجێی سەنتەری شاری هەولێر, دەڤەری سۆران، کە ژمارەیان (255)کچە قوتابی بوون لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکان. هەروەها توێژینەوەکە پەنجە دەخاتەسەر کاریگەریەکانی ئەو هەراسانکردنانە کە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی کچان دروستی دەکات، لە دەرەئەنجامدا دەرکەوتووە کە زۆرینەی کچان پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنن و تێیدا توشی هەراسانکردن دەبنەوە، بەتایبەت لە تۆڕی سناپچات بەهۆی ئەوەی بەربڵاوترینە لە بەکارهێناندا لەلایەن کچانەوە.

**کلیلە وشەکان:** پلاتفۆڕمەکانی سۆشیاڵ میدیا، هەراسانکردن، هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، گێچەڵی سێکسی.

## 1. پێشەکی

هەراسانکردن وگێچەڵی سێکسی دیاردەیەکی جیهانیەو زۆرێك لە مرۆڤەکان پێیەوە گیرۆدە بوونەو چەندین لێکەوتەی نەرێنی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، تەنانەت زۆرجار قوربانیان بەرەو دیاردەکانی توندوتیژی دەبات.

زۆرجار وا دەگوترێ کە بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیاڵ میدیا رۆڵی لەزیادبوونی هەراسانکردنی کچان لە هەرێمی کورستان هەیەو بۆتە هۆکارێك لەهۆکارەکانی بەرپابوونی توندوتیژی کۆمەڵایەتی، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەرکراوە لەپێناو دەرخستنی ئەو مەترسیانەی کە لەڕێگای خراپ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیاوە لە هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی بۆ سەر کچان هەیەو خستنەڕووی ئەو کێشەو کەلێن و مەترسیانەن کە لەڕێگای پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیاوە ڕووبەڕووی کچان دەبێتەوە.

بابەتی توێژینەوەکە سێ ڕەهەندی سەرەکی لەخۆدەگرێت، کە ڕەهەندەکانی (یاسایی)و (کۆمەڵایەتی و دەرونی)و (میدیا)یە ئەمەش هۆکارێکە کە وردترو فراوانتر کاری لەسەربکرێت، چونکە لەڕووی (ڕەهەندی یاسایی)ەوە جۆرێکە لەجۆرەکانی تاوان و سنوری ئازادی تاکەکانی تێدا دەبەزێندرێت و ناسەقامگیری لە نێو کۆمەڵگا دێنێتە کایەوەو زمانی هەڕەشە دێتە بوون.

لەڕووی (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەرونی)یەوە چەندین لێکەوتەی کێشەی کۆمەڵایەتی و کێشەی دەروونی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەتایبەت کە کەسانێك دەبنە قوربانی و مەترسیان دەکەوێتە سەرو ئیتر ئەندامانی کۆمەڵگە پەیوەندیەکانیان سنوردار دەبێت و بە شێوەیەکی گوماناوی مامەڵە لەگەڵ یەك دەکەن، ئەمەش بەهۆی نەمانی متمانە بە یەکتر.

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 8، العدد 2 (2024).
أُستلم البحث في 31 تموز 2024؛ قُبل في 8 تشرين الثاني 2024
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 كانون الأول 2024
البريد الإلكتروني للمؤلف:dlan.ismael@cihanuniversity.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2024 دڵان ئیسماعیل مولود، عبیر محمود جبار، محمد عمر کانی. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp152-163

هەرچی لەبارەی (ڕەهەندی میدیا)یەوەیی، بەهۆی ئەوەوەیە کەهەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی بەسوود وەرگرتن لەبەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکان و ئەپەکانی چاتە لە سۆشیال میدیاوە دەبێت، چونکە لەم دیاردەیە سوودیان لە تەکنەلۆژیا وەرگرتووە بۆ ئاراستەکردنی پەیامێك کە ئێش و ئازار بە تاکەکانی کۆمەڵگە دەگەیێنێت.

ئێمە دەمانەوێت لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی باس لە کێشەی خراپ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا بکەین، لەڕووی هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی بۆ سەر کچان، بەڵکو دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەو پێشنیازو ڕاسپاردەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرچاوڕونیەکی باش بێت تا بەرگرن لەسەرچاوەکان و ئەو ڕێگایانەی کە دەگیرێنەبە، بۆ ئەوەی ئەگەر بنبڕیش نەکرێت تاڕادەدەیەکی باش ئەو تاوانە کەمبکرێتەوەو کۆمەڵگای کوردی پێیەوە نەناڵێنێت.

### 1.1 کێشەی توێژینەوە

بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبوونن و فراوانبوونی سنوری بەکارهێنانیش دەرئەنجامی جۆراوجۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بەردەوام ڕێژەی بەکارهێنەران لە زیادبووندایە و خواستی بەکارهێنەرانیش وەك یەك نین، ئەوە جگە لەوەی کچانیش یەکێك لە زۆرترین بەکارهێنەرەکانی سەرجەم پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیان و بێ بەش نین لەو خزمەتگوزاریانە،

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ناڕوونییەك هەیە سەبارەت بەوەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵمیدیا تاچەند ڕۆڵیان هەیە لەزیادبوونی هەراسانکردن لەهەرێمی کوردستاندا، کە لە ئێستادا لە سنوری هەرێمی کوردستان لەحاڵەت تێپەڕیوەو بوە بە دیاردە، بەتایبەت ئەوەی کچان بەدەست هەراسانکردنیانەوە زۆرجار دەبنە قووربانی.

### 1.2 گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ئەو کاریگەریانەیە کە لەسەر کچان ڕەنگدەداتەوە، لەمیانەی هەراسانکردنیان لەڕێگای پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا و دیاریکردنی دیارترین پلاتفۆڕمە، لەڕێژەی زۆرترین ئەنجامدانی هەراسانکردن تێیدا کە بەرانبەر کچان ئەنجام دەدرێت.

ئەم توێژینەوەیە بایەخدار و پێویست دەبێت بۆ هەموو ئەو توێژەرانەی پێویستیان بە داتاو زانیاری و بەدواداچون دەبێت لە چوارچێوەی هەوڵ و شیکاری و بەدواداچونیان بۆ کارکردن لەسەر ڕێگاکانی کەمکردنەوەی هەراسانکردنی کچان بە پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیاو کارکردن لەسەر هۆشیاری شێوازی بەکارهێنەرانی پلاتفۆڕمەکان و پاراستنی گیانی ڕزگاربووان و شکۆمەندی تاکەکان، بەتایبەت کە ئەو بابەتە پرسێکی پەیوەستە بە ژیان و بیرکردنەوەی تاکەکان و کۆمەڵگەو کلتورەوە.

هەروەها ئەو توێژینەوانەی دەربارەی هەراسانکردنی کچان ئەنجامدراون لە زمانی کوردی یەکجار کەمن بەتایبەت لەچوارچێوەی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا، بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەچێتە سەر خەرمانی زانیاری کوردی بۆ ئاشنابون بە کاریگەریەکانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا لەسەر هەراسانکردنی کچان.

### 1.3 ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیایە لە ڕێژەی زیادبوونی هەراسانکردنی کچان لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندی بەبەرزبونەوەی ئامارەکانی تاوان و کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها کۆمەڵێك ئامانجی لاوەکیش لەخۆدەگرێت کە ئەمانەن:

1. زانینی رادەی تێگەیشتوویی نموونەی توێژینەوە لە هەراسانکردن و جۆرەکانی.
2. ڕوونکردنەوەی ڕادەی هەستکردنی کچان بە سەلامەتی لەکاتی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی سۆشیاڵ میدیا.
3. زانین و دەرخستنی بەربڵاوترین ئەپ و پلاتفۆڕم کە لەلایەن کچانەوە بەکاردێت. هەروەها ڕوونکردنەوە و پیشاندانی زیاترین شێوازی هەراسانکردن کە کچان لە پلاتفۆڕمەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە.
4. زانینی ئاستی متمانەی کچان بە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەکاتی بوونی هەراسانکردن.

### 1.4 پرسیارەکانی توێژینەوە

بۆ دەست کەوتنی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەران کۆمەڵێك پرسیاری جەوهەریان دەست نیشان کردووە تاوەکو لە ڕێگەی وەڵامەکانەوە، ڕۆڵی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەسەر هەراسانکردنی کچان بخرێتە ڕوو، کە ئەوانیش ئەوانەی خوارەوەن:

1. تا چ ئاستێك نموونەی توێژینەوە لە هەراسانکردن و شێوازەکانی تێگەیشتوون ؟
2. ئایا تاچەند تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەلامەتە بۆ کچان ؟
3. لەکام لە پلاتفۆڕمەکان زیاتر هەراسانکردن ڕوودەدات ؟
4. کام شێوازی هەراسانکردن زیاتر ڕوودەدات لە پلاتفۆڕمەکانی سۆشیاڵ میدیا ؟
5. تاچەند لایەنە پەیوەندیدارەکان جێگەی متمانەن لەکاتی ڕوودانی هەراسانکردن کە داوای یارمەتیان لێ بکرێت ؟

### 1.5 سنوورەکانی توێژینەوە

سنووری مرۆیی: سنووری مرۆیی توێژینەوە بریتیە لە قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی و ناوەندی لە ڕەگەزی کچ.

سنووری کات: سنووری کاتی توێژینەوە بریتیە لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی 2024.

1.6 کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە بەکارهێنەرانی ڕەگەزی مێ لە پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا لە پارێزگای هەولێر و دەڤەری سۆران لە هەرێمی کوردستان.

هەرچی دەربارەی سامپڵی توێژینەوەکەیە، بریتییە لە (255) کچ لە بەکارهێنەرانی پلاتفۆڕمی سۆشیال میدیا لە قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەییەکان، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی سادەی دەستنیشانکراون.

### 1.7 میتۆدی توێژینەوە

لە ڕووی میتۆدەوە ئەو توێژینەوە بە وەسفی دەژمێردرێت، کە میتۆدی (وەسفی) ئامانجی وێناکردن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و وێناکردنی دیاردەیەکە.(حوسێن،2007، 10) لەم توێژینەوەیەش پشت بەم میتۆدە بەستراوە تاوەکو بەزانیارییە پەیوەندیدارەکان ڕۆڵ و کاریگەری پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لەسەر زیادبوونی هەراسانکردنی کچان ڕوونبکەینەوە.

### 1.8 کەرەستەکانی توێژینەوە

بۆ ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەك کۆمەڵێك ئامراز و ڕێباز پێویستە لێرەدا توێژەران هەندێ لەو ئامرازانەیان بەکارهێناوە بۆ وەڵامدانەوە و گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە:

یەکەم\ فۆڕمی ڕاپرسی: فۆرمی ڕاپرسی کە کۆمەڵێك پرسیار و بەدواداچوون لە خۆ

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp152-163

دەكرێت بەكارهاتووە بۆ دەستكەوتنی زانیارییەكان.
دووەم\ گفتووگۆی گروپ: لێرەدا چەند گروپێك لە نموونەی توێژینەوە هەڵدەبژێردرێن و گفتووگۆی وردیان لەگەڵ دەكرێ و پرسیارەكانییان ئاڕاستە دەكرێت، كە ئەم شێوازە زۆر گرنگە بۆ دەستكەوتنی زانیاری وردترو پەیوەندیدار كە توێژەر زیاتر دەستكراوەتر دەبێ بۆ دڵنیابوونەوەی زیاتر لە زانیارییەكان.

### 1.9 توێژینەوەكانی پێشوو

### 1.9.1 توێژینەوەی یۆلاند راكاتوی و ئەوانی دیكە(هەراسانكردنی سێكسی دژ بە ژنان لە سۆشاڵ میدیا) گۆڤاری لینسا موتیارا 2023

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر لە پێناسەی سۆشیاڵ میدیادا دەڵێت: تۆڕێكی بەرفراوانی پەیوەندییە كە لەسەرجەم ناوچەو كاتە جیاوازەكانەوە بەكارهێنەران دەتوانن پەیوەندی و كارلێكی لەگەڵ بكەن، كە ئەمەش جگە لەو سود و خزمەتە گرنگەی كە بۆ بەكارهێنەر دەستەبەری دەكات، بەڵام بووەتە هۆی زیادبوونی هەراسانكردنی سێكسی بەشێوە جیاوازەكانیەوە بەتایبەت بەرانبەر ئافرەتان.
بۆیە گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە هەراسانكردنی سێكسی دژ بە ژنان لە سۆشیاڵ میدیادا، كە فەیس بووك وەك نموونە وەرگیراوە.
هەروەها توێژینەوەیەكی چەندێتیە و میتۆدی ڕووپێوی بەكارهاتووە لەرێگەی بەكارهێنانی فۆرمی راپرسی بۆ سامپڵی توێژینەوەكە .
جگە لەوەش توێژەران لە ڕێگەی چاوپێكەوتنەوە زانیاری وردتریان لە سامپڵی توێژینەوە دەستكەتووە.
لێرەدا ئامانجی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە لێكۆڵینەوە لە ڕێژە و كاریگەری هەراسانكردنی سێكسی بەرانبەر ئافرەتان كە لەرێگەی سۆشیاڵ میدیاوە ئەنجامدەدرێت. دواتر ئەو ئەنجامانەی كە لەم توێژینەوە دەست هاتوون بریتین لەوانەی خوارەوە :
ئەو ئافرەتانەی كە تووشی گێچەڵی سێكسی دەبن لە سۆشیاڵ میدیا زۆربەی جار لەلایەن ئەكاونتی نەناسراو و فەیكەوە تووشیان دەبێت كاریگەری بەركەوتەی گێچەڵی سێكسی لە سۆشیاڵ میدیا، زۆربەی جار لە خەمۆكی و تێكچوونی خەو خواردن و هەست كردن بە ناسەلامەتی دەردەكەوێت. زۆرجاریش كێشەی تەندروستی جەستەیی و دەوونی بۆ بەركەتوو دروست دەكات بەشێكی زۆری بەركەوتووان ناتوانن یان ناوێرن باس لە ئەزموونی بەركەوتنیان بە هەراسانكردنی سێكسی بكەن بۆ دەوروبەریان و لایەنی پەیوەندیدار، بۆیە لەبەشێكی حاڵەتەكان بارودۆخی بەركەوتوو خراپتر دەكات .

### 1.9.2 توێژینەوەی د.سمیر زید مجالی (كاریگەری تۆڕەكۆمەلایەتیەكان لە زیادبوونی گێچەڵ و توندوتیژی دژ بە ژنان) گۆڤاری عربیە بۆ توێژینەوە مرۆڤایەتیەكان 2021

ناونیشانی توێژینەوەكە بە زمانی عەرەبی بریتیە لە" (اثر مواقع التواصل الاجتماعي علي زيادة ظاهرة التحرش والعنف ضد المرأة)" لە توێژینەوەكەدا توێژەر دەڵێت: هەراسانكردن دیاردەیەكی جیهانییە و هەمیشە باس لە كاریگەرییە خراپەكانی دەكرێت، پەروەردەكاران و لایەنی پەیوەندیدار لەهەوڵی گەڕانن بەدوای هۆكارو چارەسەر بۆ ئەو بابەتە، چونكە بوونی هەراسانكردن لە ناوەندە ئەلیكترۆنییەكان جۆرێكە لە توندوتیژی توند كە كاریگەرییەكی زۆر دەكاتە سەر كەسی بەركەوتو و جۆرێكە لە گۆڕانی هەڵسوكەوت كە پێویستی بە ڕێنمایی و چارەسەر هەیە ، لێرەوە ئامانجی ئەو توێژینەوە ئەوانەی خوارەوەن :
زانینی پەیوەندی نێوان تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان و دیاردەی هەراسانكردنی ئافرەتان.
دەستنیشانكردنی جیاوازی نێوان ڕوودانی هەراسانكردن بەرانبەر ئافرەتانی تەمەن 30 بۆ 40 ساڵی و سەرووی تەمەن 41 ساڵ.
لە گرینگترین ئەو ئەنجامانەی دەست ئەو توێژینەوەیە كەوتووە بریتیە لەوەی كە پەیوەندی هەیە لە نێوان تۆڕەكۆمەڵایەتیەكان و دیاردەی هەراسانكردن، واتا بوونی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان ڕێگەخۆشكەرە بۆ زیادبوونی ئەو دیاردەیە. هەروەها توێژینەوەكە بۆی دەركەوتووە كە ئافرەتانی نێوان تەمەنی 30 بۆ 40 ساڵی زیاتر تووشی هەراسانكردن دەبنەوە لە ئافرەتانی سەروو تەمەن 41 ساڵی .

### 1.9.3 تاوتوێی توێژینەوەكانی پێشوو

**توێژینەوە توێژینەوەكانی یۆلاندا ڕاكاتیوی و هاوكارانی. (2023) و دكتۆر سەمیر زەید مەجالی (2021)** هەردووكیان ورد دەبنەوە لە كاریگەرییەكانی سۆشیال میدیا لەسەر بڵاوبوونەوەی ئازاردانی سێكسی و توندوتیژی دژی ژنان. سەرەڕای جیاوازییە جوگرافییەكانیان و شێوازە توێژینەوەكە كەمێك جۆراوجۆرەكانیان، هەردوو توێژینەوەكە لەسەر ئەو واقیعە مەترسیدارە كۆدەبنەوە كە پلاتفۆرمەكانی سۆشیال میدیا بوونەتە گۆڕەپانێكی بەرچاو بۆ ئەنجامدان و بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری.
لەگەڵ ئەوەش لێكۆڵینەوەكەی یۆلاندا ڕاكاتیوی بەناوی "هەراسانكردنی سێكسی دژی ژنان لە سۆشیال میدیا"، تیشك دەخاتە سەر سروشتی بەربڵاوی ئازاردانی سێكسی لەسەر پلاتفۆرمەكانی وەک فەیسبووک. توێژینەوەكە ئەو حاڵەتانە شرۆڤە دەكات كە زانیاری كەسی و تایبەت وەک ڤیدیۆ و ژمارەی تەلەفۆن لە دژی ژنان بەكاردەهێنرێن. ئەم جۆرە هەراسانكردنە نەک تەنها پێشێلكردنی تایبەتمەندییان بەڵكو زیانێكی زیاتری دەروونی و كۆمەڵایەتیشیان لێدەكەوێتەوە. ئەو دەستڕاگەیشتن و نادیاربوونەی كە لەلایەن سۆشیال میدیاوە دابین دەكرێت، تاوانباران دەتوانن بە ئاسانی ژنان بكەنە ئامانج، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی دڵتەزێن لە ڕووداوەكانی هەراسانكردنی ئۆنلاین.
توێژینەوەكانی دكتۆر سەمیر زەید مەجالی بە هەمان شێوە جەخت لەسەر ڕۆڵی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان دەكاتەوە لە توندكردنەوەی هەراسانكردن و توندوتیژی دژی ژنان. دۆزینەوەكانی ئاماژە بەوە دەكەن كە ئەم پلاتفۆرمانە ئاسانكاری بۆ جۆرە جیاوازەكانی هەراسانكردن دەكەن، لە ئازاردانی زارەكییەوە تا هەڕەشەی توندتری توندوتیژی جەستەیی. نادیاربوون و گەیشتن بە بەرفراوانی سۆشیال میدیا كاریگەرییەكانی ئەم جۆرە ڕەفتارانە گەورەتر دەكات و وا دەكات زیاتر بڵاوببنەوە و بەرەنگاربوونەوەی قورستر بن.
بەڵام لەم توێژینەوەی ئێمەدا جیادەكرێتەوە زیاتر باس لە كاریگەری پلاتفۆرمە جیاوازەكان دەكات لە زیادبوونی هەراسانكردنی كچان،جگە لەوەش كۆمەڵگەی توێژینەوەكەمان كچانی تازەپێگەیشتوون كە زیاتر دەبنە ئامانجی مەترسی لە سۆشیاڵ میدیا.

## 2. پلاتفۆرمەكانی سۆشیاڵمیدیا و هەراسانكردن

### 2.1 پلاتفۆرمەكانی سۆشیاڵ میدیا

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp152-163

سۆشیال میدیا، تۆڕی کۆمەڵایەت دروستبوونێکی مێژوویی هەیە، ساڵی 1840ی زایینی لە ئەمەریکا بەڕێگەی تەلەگرافەوە تۆڕێکی پەیوەندی بەیەکەوە بەستراو دەبەسترێت، بەپێی کاتی پێشکەوتنەکان ئەم تۆڕە بەرفراوان بوو، بەسەر چەندین جۆردا پۆلێن کران، وەك (فەیسبووك ، تویتەر، ئینستاگرام ، سناپچات، یوتیوب...) وەك چات گروپێك بووە بەستنەوەی پەیوەندییەکان، ئەمەش وەك یانەیەکی ژمێرەیی کە ملیۆنان کەس بیروباوەڕی خۆیانی تێدا دەگۆڕنەوەو پەسەندکردن و پەسەندنەکردنی خۆیان دەردەبڕن، ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بووە لە گەشەپێدانی پرۆسەی پەیوەندیکردن و تۆڕی کۆمەڵایەتی و مۆدێلێکی نوێی لە میدیا هێنایە ئاراوە.(ئەحمەد، 67:2020)

ڕوانگەی جیاواز بۆ ناساندنی چەمکی سۆشیال میدیا بەرجەستە دەبێت کاتێك کە بەهێزی ئەم تۆڕە کاریگەرییەکانی بەرەو زیاتر دەڕوات، بۆیە بەو "ئامرازە گرنگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەسف دەکرێت، کە هێزێکی ڕاستەقینەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە لەناو شۆڕشێکی نوێی ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا".(صابر،2021: 256)

ڕایەکی دیکەیش هەیە کە وەك تۆڕی بەستنەوەی پەیوەندی هێندە خاوەن مێژوو نییە، بەڵکو لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەرو ئامێرە زیرەکەکان سەرچاوەی گرتووە و ئاستی ئەم پەیوەندیەی خستۆتە ئەو چوارچێوەیەی کە ببێتە جێگرەوەی پەیوەندییە ڕاستەوخۆییەکانی ئاسایی نێوان تاکەکان.

پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بە پێی فەرهەنگی (Merriam Webster) وا پێناسە کراوە بریتیە لە ( چەند فۆرمێکی ئەلیکترۆنین کە بەکارهێنەران لە ڕێگەیەوە پەیوەندی دروست دەکەن و کارلێك دەکەن و زانیاری و وێنەو ناوەڕۆکەکانی تر بۆ یەکتر دەگوازنەوە). ( Merriam Webster, 2024)

وەك چەمك تۆڕی کۆمەڵایەتی (Social Media)، لە زاراوەیەك پێکدێت بۆ ئاماژەکردن بە تۆڕی ئینتەرنێتی، کە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ ناسینی تاکەکانی کۆمەڵگە لە سەر کۆمەڵێك بنەما بایەخ یا خولیا یا ئارەزوو (مەحمود،یاسین، 2019 :302).

سۆشیال (Social) وەك چەمك ئاماژەیە بۆ خەڵك یا هاووڵاتی، ئەم چەمکە لە وشەی (socius)ی لاتینیەوە،( vocabulary,2024) سەرچاوەی گرتووە کە ئاماژەیە بۆ تێکەڵکەری مرۆڤەکان وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی وەسف دەکرێت لەسەر هەر جۆرێك لە جۆرەکانی پەیوەندی.

وەك دەستەواژە(Media) بەهەموو ئەو ئامرازانە دەگوترێت کە ئەرکی سەرەکیان بڵاوکردنەوە و گەیاندنی زانیاری و گواستنەوەی هەواڵی جۆراوجۆر و کاریگەری دروستکردن لەسەر تاکە، جا ئەو کاریگەرییە بە لایەنی باش یا خراپ، بەڵام لە جەوهەری ڕاستەقینەی میدیا ئەرکی ڕاست نیشاندان و گواستنەوەی زانیاری دروستە.

ئەگەر وەك ئاماژە باس لەو پلاتفۆرمانە بکەین، ئەمڕۆ لە چوارچێوەی پێناسەی سۆشیال میدیادا کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگا هەیەو ڕۆژانە بەکارهێنەرانی لە زیادبووندایە، ئەوا بەپێی ئەم پلەبەندییە دەردەکەوێت:( Facebook، Messenger،WhatsApp، Twitter، Instagram، Telegram، TikTok، Pinterest، LinkedIn، YouTube، WeChat، Viber، snapchat، Medium، Reddit...) ئەم پلاتفۆرمانە ڕێژەیەکی زۆر لە بەکارهێنەرانیان لە جیهاندا هەیە.( عبود، 2024)

لێرەوە دەتوانین بڵێین پلاتفۆڕمەکانی سۆشیاڵ میدیا کۆمەڵێك ناوەندی پەیوەندی و کارلێك کردنن کە تاکەکان و بەکارهێنەران دەتوان لە ڕێگەیەوە پەیوەندی دروست بکەن و زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن، کە ئەمە جگە لەو سودو ڕۆڵە گرنگەی هەیەتی، بەڵام دەکرێ کاریگەری نەرێنی و نەخوازراو دروست بکات لە نێوان بەکارهێنەران، کە بەهۆی نەبوونی هۆشیاری بەکارهێنان و نەزانینی ڕێگاکانی خۆپاراستن زیاتر کاریگەری دورست دەکات.

### 2.2 کاریگەری سۆشیاڵ میدیا لە ژیانی بەکارهێنەران

پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بووەتە بەشێك لە پێداویستیەکانی ڕۆژانەی بەکارهێنەران، داتا و زانیاریەکانی بەکارهێنەران ڕۆژانە لە سەرتاسەری جیهان لە زیادبووندایە ئەمەش بۆ ئەو تایبەتمەندییانە دەگەڕێتەوە کە پەیوەندی بە ناوەڕۆکی پلاتفۆرمەکانەوە هەیە، کە چۆن وا لە بەکارهێنەران دەکات بە ئاسانی بەکاری بهێنن و تەنیا بوونی ئینتەرنێت لەسەر مۆبایل یاخود کۆمپیوتەرەکانیان دەتوانن بەهەر ڕێگەیەك کە خودی پلاتفۆرمەکە دیاریکردووە، وەك دروستکردنی ئەکاونتێکی تایبەت بە ڕێگەی (ئیمێل یان ژمارە مۆبایل) ببیت بەخاوەن ئەکاونتێکی تایبەت بە خۆت، بێگومان ئەمەش ئەو سەرەتایە دەست پێدەکات کە چوونە ناو جیهانێکی گەورەو ئاگایی لە هەموو گۆڕانکارییەکان. بەتایبەتی گەنجان بەشێوەیەکی بەرچاو دەکەونە بەر کاریگەرییەکانی نێو تۆڕەکە، بەتایبەتی کاریگەری کلتوری و تاڕادەیەك تێکەڵبوون بە کرداره ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانە (Massoudi et al., 2023).

ئامانجی بنەڕەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەستنەوەی خەڵکە لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بۆ ئەوەی لە پەیوەندیکردنی بەردەوامدابن، جا چ لە ڕێگە ی چاتکردن، گۆڕینەوەی نامەو وێنەو و بابەتی دیکە یان بە ئاگابوون لە دید و بۆچوون و چالاکییە جۆراو جۆرەکانی تر. (سکیک،2014 :64)

پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، ئەگەر بەوریای و پەروەردەیەکی دروست مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، بەهێزترین و کاریگەرترین ئامرازن بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی باشیەکان بەرەو خراپی، بڕوایەك هەیە کە پێی وایە "لە کوردستان مەترسی گەورەی لەسەر ژیانی تایبەتی تاکەکانی کۆمەڵگا دروست کردووە".(محەمەد،2024) ، ئەمەش بەوەی چەندین کێشەی خێزانی بەهۆی کاریگەرییە خراپەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە دروستکردوە کە جۆرێك لە ناتەبایی کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە .

بەبڕوای پسپۆڕانی دەروونی و کۆمەڵناسی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە وڵاتە دواکەوتووەکان کاریگەری خراپی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە دروستکردووە، بەبڕوای دکتۆر کەریم شەریف قەرەچەتانی "زۆربەی زۆری ئەوانەی بەکاریدەهێنن، منداڵن و بەئاسانی لەلایەن کۆمپانیاکانەوە پلاتفۆرمەکان بەدەست دەخات و ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی منداڵ و هەرزەکارو هەمووان وەك یەك بەکاری بهێنن، ئەمەش کارێکی خراپە و کاریگەری خراپ دروست دەکات، چونکە لەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە بۆ بەناوبانگ بون زۆرکاردەکرێت و هەندێ جاریش ئەم ئامانجە لەسەر شکاندنی کەسانی دیکە دروست دەبێت.

وڵاتانی پێشکەوتوو تاکەکانیان بۆ ئەم پێشکەوتنە ئامادەکردووە، بەڵام لەوڵاتی ئێمە ئامادەکاری بۆ تاك نەکراوە بۆ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان".(ئێکس، 2024)

بەشێك لە پلاتفۆرمەکان لە ئاستی بەکارهێنەرانیدا بۆشاییەکی خاوێنتری پێشکەشکردووە، پێچەوانەی پلاتفۆرمەکانی دیکە کە بووەتە هۆکار دژ بە ستاندەردە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ نموونە تویتەر ئاراستەی بەکارهێنەرانی بەوشێوازەیە کە ئاستی بێزارکەری نەبێت، وەك ئەوەی لە تیکتۆك و هەندێکی دیکەی پلاتفۆرمەکان هەن،

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp152-163

بەپێی توێژینەوەیەك "پلاتفۆرمە كۆمەڵایەتییەكان بەرپرسیارن لە دامەزراندنی كۆمەڵگایەكی سەلامەت لەسەر ئینتەرنێت، بەكارهێنەران دەبێت پەیوەندی ئەخلاقی و بەشداریكردنی كۆمەڵایەتی وەک خۆیان جێبەجێ بكەن. هەروەها لە لایەنی ئێمەوە ئەخلاق هەیە و پێویستە ئێمە بەكارهێنەری ئەخلاقی بین. ئەوە بۆ خۆشگوزەرانی خۆمانە، بەڵام ئەوە بۆ خۆشگوزەرانی ئەوانی دیكەیە كە ئەخلاقی بن. لە بیركردنەوەی ئێمەدا دەربارەی ئەوەی چۆن تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بەكاردەهێنین، بۆیە هەندێک لە بەرپرسیارێتییەكە لەسەر تاكەكەسیشە" . (Hamid reza, 2021:48 )

توێژینەوەكان لەبارەی هۆگری بەكاربەرانی پلاتفۆرمەكانی سۆشیال میدیا ئاماژە بەوە دەكەن، ئاستی هۆگربوون بەم تۆڕانەوە گەیشتۆتە ئاڵودەبوونێكی مەترسیدار، ساڵی 2015 كۆمپانیای (Cornell Information Science) كە لە ئەمەریكایە توێژینەوەیەكی لەبارەی هۆگربووانی تۆڕی كۆمەڵایەتی (فەیسبووك) ئەنجامدا، بەپێی توێژینەوەو ڕاپرسییەكەیان داوایان لە چەند بەكارهێنەرێكی ئەو تۆڕە كرد بۆ ماوەی (99) ڕۆژ بەهیچ شێوەیەك بەكارینەهێنن، بەڵام نەیانتوانیوە بۆ ئەو ماوەیە دیاریكراوە دەستبەرداری بەشداریكردن لە تۆڕەكە بن.(puk media ,2015)

بەكارهێنەرانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان وێڕای سوودەكانی بۆ گەیشتن بە زانیاری و بەهێزكردنی پەیوەندییە دیجیتاڵیەكان، لە هەمانكاتدا زۆربەی توێژینەوەكان لەبارەی كاریگەرە خراپەكانی هۆشداری دەدەن، بۆ نموونە لە توێژینەوەیەكی ئەكادیمییەكانی زانكۆی سیدنی تایبەت بە تەكنەلۆژیا، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی بەكارهێنەرانی "بەشێك لە پلاتفۆرمەكانی سۆشیال میدیا وەك (فەیسبووك و تویتەر و ئینستاگرام) ئاستی خەمۆكی و دڵەڕاوكێ و پەستانی دەروونی لای بەكارهێنەران دروست دەكات".( westganews, 2021 )

پرسی بەكارهێنەرانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لە ئاستی ناوەندەكانی توێژینەوەی ئەكادیمی تایبەت بە تەكنەلۆژیا جێبایەخێكی زۆرە، بەردەوام كار لەسەر كاریگەرییەكانی بەكارهێنەرانی ئەم تۆڕانە دەكەن و لە یەكێك لە توێژینەوەكانی زانكۆی (بیترسبرگ- بۆ توێژینەوە دەربارەی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان و تەكنەلۆژیا و تەندروستی) پەیوەست بە كاریگەرییەكانی بەكارهێنانی زۆری تۆڕی كۆمەڵایەتی لەلایەن بەكارهێنەرانەوە هۆشداری ئەوەی داوە كە" لەم توێژینەوەیەدا نەگیشتووینەتە ئەو دەرەنجامەی بتوانین بڵێین ئەوكەسانەی تووشی خەمۆكی و نیگەرانی بوون، پەنا بۆ تۆڕی كۆمەڵایەتی دەبەن یاخود بەپێچەوانەوە بەكارهێنانی تۆڕی كۆمەڵایەتی جیاواز دەبێتە هۆكاری خەمۆكی و نیگەرانی و دڵەڕاوكێ، بەڵام لەهەردوو دۆخدا ئاكامەكان بەنرخن".

توێژینەوەكە لەسەر 1787 كەسی ئەمریكای كراوە ئەنجامدراون كە تەمەنیان لەنێوان ساڵانی 19 بۆ 32 ساڵ بوون، تۆڕی كۆمەڵایەتی جۆراوجۆریان بەكارهێناوە، ڕوماڵی 11 تۆڕی گەورەی وەک (فەیسبووک، یوتیوب، تویتەر، سناب چات، پینترێست و لینكدڵین) و چەندینی دیكە كراوە.(وریا ،2016)

ئەگەر ئەمە لەسەر ئاستی ئەمەریكا بێت، كە تاكەكانیان خاوەن هۆشیاریەكی زیاترن لە وڵاتانی دیكە لە بەكارهێنانی ئەو تۆڕانە، دەبێت لە وڵاتە دواكەوتووەكان بەتایبەت ئەوانەی هیچ هۆشیارییەكی ئەوتۆیان لەبارەی تۆڕە كۆمەڵایەتیەكانەوە نییە.

## 2.3 هەراسانكردن

گێچەڵپێكردن و هەراسانكردنی كچان بووە بە دیاردەیەك و بەربەست و كێشەی دەرونی و كۆمەڵایەتی بەدوادادێت و ئەو هەراسانكردنانەش بەرێژەیەكی بەرز لە ڕێگای پلاتفۆرمەكانی سۆشیال میدیاوە ئەنجام دەدرێت، نەبونی هۆشیاری و زانیاری و ئاگاییش لای كچان هۆكارێكە لەوەی زیاتر بكەونە بەر لێشاو و شاڵاوی هەراسانكردنەوە .

گێچەڵكردن، بەپێی پێناسە جیهانیەكان، هەموو ئەو ڕەفتار، ئاماژە، قسەكردن و دەست لێدانانە دەگرێتەوە ، كە بەرانبەر بە كەسێك ئەنجام دەدرێن.

لە كاتێكدا كە ڕەنگە هەراسانكردن وەک شتێكی ئاشكرا دەركەوێت كاتێك ڕوودەدات، بەڵام زۆرێك لە خەڵكی بەڕاستی لە چەمكی هەراسانكردن یان ئەو ڕەفتارانە تێناگەن كە دەبێتە هۆی ژینگەیەكی كاركردنی دوژمنكارانە، بۆیە پێویستە ئەو چەمكە بناسین و ئاشنای بكەین كە چەندین پێناسە بۆ هەراسانكردن هەیە بەم شێوەیە:

لە پێناسەی سەنتەری خزمەتگوزاری سەرچاوە مرۆییەكان و كارمەندانی ئەكادیمی لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەو شێوەیە پێناسەی هەراسانكردن دەكات: هەراسانكردن بریتییە لە ڕەفتارێكی هێرشبەرانە بە سروشتێكی نەخوازراو لەسەر بنەمای هەریەكێک لەو تایبەتمەندیانەی كە دەستنیشانكراون. ( Johnson, 2018:24)

لە پێناسەیەكی تردا ماڵپەڕی كۆڵێنسی تایبەت بە فێربونی زمان بۆ چەمكی هەراسانكردن پێناسەی تایبەت بەخۆی داناوە بەم شێوەیە: هەراسانكردن بریتییە لە ڕەفتارێک كە مەبەست لێی كێشەكردن یان بێزاركردنی كەسێكە، بۆ نموونە دووبارە هێرشكردنە سەری یان هەوڵدان بۆ دروستكردنی كێشە.( Collins dictionary, 2024)

هەروەها هەراسانكردن، بەپێی پێناسەی فەرهەنگی جیهانی كامبرج سەرجەم ئەو ڕەفتار، ئاماژە، قسەكردن و دەستلێدانانە دەگرێتەوە لەڕووی (جەستەیی و دەروونی)یەوە، كە بە بێ ویستی كەسی بەرامبەر ئەنجام دەدرێن. (Cambridge dictionary,2024)

لە ناساندنێكی تردا دەتوانین بڵێین هەراسانكردن یان گێچەڵپێكردن بریتی یە لەئەنجامدانی توندوتیژی جەستەیی، زارەكی یان كۆمەڵایەتی بەشێوەیەكی بەردەوام و بۆ كاتێكی دوورو درێژ، بەمەرجێ بكەری ڕەفتارەكە باڵادەستتربێ لەقوربانی یەكە لەهەموو ڕووەكانەوە.

بەزۆری بەربڵاوە لەنێوان منداڵان و هەرزەكاران لەخوێندنگاكان، بەڵام ئەگەری ڕوودانی هەیە لەتەمەنە جیاوازەكان و شوێنە جیاوازەكان. (Clark, 2009)

لە كۆی ئەو پێناسانەوە دەتوانین بڵێین كە هەراسانكردن هەموو ئەو ڕەفتار و گوفتار و ئاماژانە دەگرێتەوە كە دەبێتە هۆی بێزاركردن و ئازاردانی كەسی بەرانبەر بەمەبەست بێ یان بێ مەبەست.

## 2.4 جۆرەكانی هەراسانكردن

هەراسانكردن چەند جۆر و شێوازێك لەخۆدەگرێت كە دەكرێ لە مانەی خوارەوە ڕوونی بكەینەوە: ( هيئة الامم المتحدة, منظمة الصحة العالمية,2022)

1ـ هەراسان كردن یان گێچەڵپێكردنی جەستەیی :

ئازاردانی جەستەیی یان زەوتكردن وتێكشكاندنی ئەندامانی لاشەی قوربانیان دەگرێتەوە، بۆ نموونە ڕەفتارەكانی وەک لێدان، تف لێكردن، پاڵپێوەنان، بردن و شكاندنی شت و مەكەكانی قوربانیان، بەكارهێنانی ئاماژەی جەستەیی شەرمەزاركەر بەرانبەر قوربانیان.

2ـ هەراسان كردن یان گێچەڵپێكردنی زارەكی:

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp152-163

بەکارهێنانی زمانی زبر بۆ ئازاردانی بەرامبەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ، وەک ناو و ناتۆرەی نەشیاو، گاڵتەپێکردن، جنێودان بە خانەوادە یان هەڕەشەکردن .

3- هەراسان کردن یان گێچەڵپێکردنی کۆمەڵایەتی:

ڕەفتارەکانی ناوزڕاندن و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە بەمەبەستی شکاندنی کەسەکە لەبەرچاوی خەڵکی یان داواکردنی دوورکەوتنەوە لەهاوڕێیەتیکردن یان جێهێشتنی کەسێک بەبێ هۆکارێک بەمەستی شکاندن.

4 - هەراسانکردنی سێکسی

هەراسانکردنی سێکسی بریتییە لە پێشکەوتنی سێکسی نەخوازراو، داوای یارمەتی سێکسی و ئازاردانی زارەکی یان جەستەیی تر کە سروشتی سێکسی هەیە لە شوێنی کار یان هەرشوێنێکیتر .

5 ـ هەراسانکردنی جیاکاری

جیاکاری کاتێکە کاریگەری نەرێنی دروست ڕوبدات بەهۆی بوون لە چینێکی پارێزراودا، وەک ڕەگەز، یان ناسنامەی ڕەگەزی، توانا، ئایین، تەمەن، حیزب، ئاراستەی سێکسی، بنەچەی نەتەوەیی، دووگیانی، یان کەمئەندامی. ئەم جۆرە جیاکارییە نایاساییە.

کاتێک جیاکاری یان خراپ مامەڵەکردن ژینگەیەکی ژەهراوی کار دروست دەکات، هەروەها جۆرێکە لە هەراسانکردن لە شوێنی کار و هەروەها نایاساییە.

## 2.5 سۆشیال میدیاو هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی

کاریگەری دەروونی هەراسانکردن لە رێگای پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا لەسەر بەکارهێنەر:

کاریگەرییە دەرونییەکانی هەراسانکردن لەرێگەی سۆشیاڵ میدیاوە دەکرێ قوڵ و زیانبەخش بێت، کاریگەری دوورمەودا بخاتە سەر دەروونی بەکارهێنەر. بە پێی توێژینەوەیەك کە لە زانکۆی تۆرینتۆ لەسەر 250 قوتابی ئەنجامدراوە دەرکەوتووە زۆربەی ئەو قوتابیانەی کە لە ڕێگەی ئەلیکترۆنیەوە هەراسان کراون کاریگەری دەرونییان لەسەر هەبووەو بوە بەهۆی زیادبوونی دڵەڕاوکێ لەلایان.

هەروەها توێژینەوەکە ئاماژەش بەوە دەکات کە کاریگەریەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بە دوو شێواز دەردەکەوێت کە ئەوانیش (نیشانە جەستەییەکان) و (نیشانە سۆزدارییەکان) کە هەردوکیان کاریگەری نەرێنی هەیە بۆ سەر لایەنی دەروونی بەکارهێنەر.(Maran,Begotti, 2019: 5)

لێرەدا بەچەند خاڵێك کاریگەرییە دەروونییەکان ڕووندەکەینەوە:

1-دڵەڕاوکێ و فشاری دەروونی: هەراسانکردنی بەردەوامی ئەلیکترۆنی دەتوانێ ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی فشاری دەروونی و دڵەڕاوکێ. کە زۆرجار لە ئاستێکی کەمترەوە دەست پێدەکات، بەڵام لە ئەگەری بەردەوام بوون و کارلێکی زیاتر لەگەڵ پلاتفۆرمەکان ئاستی فشارەکان زیاتر دەبێت، کە ڕەنگە ببێتە هۆی ترس و دەمارگیری زیاتری بەکارهێنەر. بەشێك لە بەکارهێنەران زۆرجار واهەست دەکەن کە ناتوانن لەو فشارانە رزگارییان بێت. (Ghada, Hessa, 2023:5)

2- گۆشەگیری: گۆشەگیری کۆمەڵایەتی کە لە ئەنجامی هەراسانکردن لە سۆشیال میدیادا دروست دەبێت، دیاردەیەکی ئاڵۆزە و کاریگەرییەکی دەروونی قووڵی هەیە. کاتێک تاکەکان تووشی هەراسانکردن دەبن لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە، لەوانەیە لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان پاشەکشە بکەن، چ لە بواری دیجیتاڵی و چ لە دەرەوەی هێڵ، ئەم کشانەوەیە لە ترسێکەوە سەرچاوە دەگرێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتری هەراسانکردن یان ڕووبەڕووبوونەوەی حوکمدانی کەسانی دیکە، ئەمەش هەستکردن بە لاوازی و گۆشەگیری توندتر دەکات (Massoudi & Fatah, 2024).

جگە لەوەش کاریگەری گۆشەگیری کۆمەڵایەتی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان زیاترە، کاریگەری لەسەر توانای تاکەکان هەیە بۆ بەشداریکردن لە پەیوەندی و چالاکییە مانادارەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا. لەوانەیە قوربانییەکان هەست بە کەمبوونەوەی متمانە بەخۆبوون بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی هەستکردن بە تەنیایی و خەمۆکی. (Chang'an Zhang and others, 2023:6)

3- تراوما و خەمۆکی: زۆرجار هەراسانکردن لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە دەبێتە هۆی تووش بوونی بەکارهێنەر بە خەموکی و دڵەراوکێیی توند کە ئەمەش لە زۆری بیرکردنەوە لە بارودۆخەکە ڕوودەدات، کە بەرکەوتوو توانای جوڵەو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی نامێنێت. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو نارەحەتییە دەروونیەی کە لە رێگەی هەراسانکردنەوە ڕوودەدات دەتوانێ بەتەواوی بارودوخی تەندروستی جەستە تێکبدات و هەستی سەلامەتی بەتەواوی لەدەست بدات. (Ranney, 2017:7)

لێرەوە دەتوانین بڵێین هەراسانکردن لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیاوە دەکرێ زیانێکی زۆر و دوورمەودای هەبێت لەسەر دەروونی بەکارهێنەر، کە گەر لە سەرەتاوە چارەسەر نەکرێ رەنگە لە دواتردا سەختتر بێت، بۆیە پێویستە هوشیارییەکی تەواو بڵاوبکرێتەوە لەسەر چۆنیەتی خۆپاراستن لە هێرشە ئەیکترۆنیەکان و شێوازە جیاوازەکای هەراسانکردن، کە ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی خێزان و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

## 2.6 یاسای تاوانە ئەلیکترۆنییەکان

هەراسانکردن تاوانێکە، کە لەهەموو شوێنێک دەشێت ڕووبدات، بەڵام جۆری هەراسانکردنەکەو ڕێژەی ئەنجامدانەکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە. هەروەک جۆری سزادانیش جیاوازە، چونکە یاسا و جێبەجێکردنی لە هەر وڵاتێک بەستراوە بە تایبەتمەندی دەسەڵاتی یاسایی و ئاینی و کولتووریەوە لەم وڵاتەدا.

هەرچی تایبەتە بە هەرێمی کوردستان لەڕووی یاساییەوە دوو یاسای گرنگ هەن کە تێیدا دەتواندرێت بە یاسا ڕوبەڕووی ئەو کەسانە ببنەوە کە گێچەڵ و هەراسانکردن ئەنجام دەدەن، بەتایبەت لەرێگای پلاتفۆڕمەکانی سۆیال میدیاییەوە کە ئەوانیش بریتین لە یاساکانی:

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی

ئەم یاسایە، بە یەکێک لە یاسا گرنگەکانی هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێت، کە لە ساڵی ٢٠١١ لە پەرلەمانی کوردستان دەرکراو لە دە (١٠) ماددە پێکهاتووە، کە ئامانج لێی سنورداارکردنی دیاردەی توندوتیژی خێزانی لە نێو کۆمەڵگەیە .

لە یاساکەدا ئەوەهاتووە کە: بۆ پاراستنی خێزان لەبەریەک هەڵوەشانەوە و بەرگرتن لە توندوتیژییە بەر لە ڕوودانی یاخود چارەسەرکردنی دوای ڕوودانی، ئەم یاسایە دەرکراوە. لە ماددەکانی یاساکە پێناسەی توندوتیژی تێداکراوە بەوەی بریتییە لە (هەر کردارێک یان وتەیەک یان هەڕەشەکردنێک، لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییە خێزانییەکانی بونیاتنراو، لەسەر بنچینەی هاوسەرگیری و خزمایەتی تاوەکو پلە چوار ئەو کەسەی بەپێی یاسا خراوەتە پاڵ خێزان، بە جۆرێک زیانێکی جەستەیی یاخود سێکسی یاخود دەروونی بنێتەوە و داماڵینی ماف و ئازادییەکان لە

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp152-163

خۆوە بگرێت).

ئەو کردەوانەی کە بەپێی ئەم یاسایە بە توندوتیژی خێزانی هەژمار دەکرێن لەگەڵ مەرجەکانیان لە ماددەی دووی یاساکە لە چەند شێوەیەك خراونەتەڕوو کە ئەگەر ئەنجام بدرێن ئەوا بە توندوتیژی خێزانی هەژمار دەکرێن، چ زیانی جەستەیی یاخود دەروونی یاخود سێکسی بنێتەوە، مەرجە تاوەکو کردارێک بە (توندوتیژی خێزانی) هەژمار بکرێت، لە لایەن کەسێکەوە دژی یەکێکی تر ئەنجام بدرێت کە هەردووکیان پەیوەندی هاوسەرێتی یاخود خزمایەتی تاکو پلە چوار بیان بەستێتەوە یان هەر کەسێک بەپێی یاسا خرابێتە پاڵ خێزان، بەدەر لەم حاڵەتە کردارەکە بە توندوتیژی خێزانی هەژمار ناکرێت، ئەم کردارانەش یاسا ئەنجامدانی قەدەغە کردووە و سزای دیاری کراویش بەسەر کەسی ئەنجامدەر دەسەپێنێت . (وێبسایتی پەرلەمان، 2008).

### 2.7 یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن و سزاکانی لە هەرێمی کوردستان دا

هەرچی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن و سزاکانە کە لە ساڵی ۲۰۰۸ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەناوی یاسای " ژمارە ٦ی قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن " دەرکرا، مەبەست لێی بەرەنگاربوونەوە و کەمکردنەوەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان بوو.

بەپێی ناوەرۆکی یاساکە لە ماددەی یەکەمدا ئەوەهاتووە: (قسەکردنی تەلەفۆنی و پەیوەندیەکانی پۆستەیی و ئەلیکترۆنی لە کاروبارە تایبەتەکانن و نابێ ڕێز و حورمەتیان بشکێنندرێ) .

لە ماددەی دووەمدا ئەوە هاتووە: هەرکەسێک ئەگەر بە خراپی تەلەفۆنی خانەیی (مۆبایل) یان ئامێرێکی پەیوەندی پەیوەندی کردنی تەلدار یان بێ تەل یان ئەنتەرنێت یان پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی هەڕەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن ( قذف ) یان جنێودان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو بەکارهێنا کە ترس پەیدا دەکات، یان دزەی بە گفتوگۆکردن کرد یان وێنەی چەسپاو یان جووڵاو یان کورتە نامەی بڵاوکردەوە کە لەگەڵ خورەوشتی گشتیدا ناگونجێ یان بەبێ ڕوخسەت و مۆڵەت وێنەی گرت یان کاروبارێکی وا کە شەرەف بریندار بکات یان هانی ئەنجام دانی تاوان یان کاری بەدڕەوشتی یان بڵاوکردنەوەی زانیاری پەیویست بە نهێنی ژیانی تایبەت یان خێزانی بۆ تاکەکان بڵاوبکاتەوە کە بەهەر ڕێگایەک بێت چەنگی کەوتبێت هەتا ئەگەر ڕاستیش بن ، ئەگەر بە هۆی بڵاوکردنەوەیان و دابەشکردنیان سوکایەتی یان زیانیان پێ بگەیەنێت ، ئەوا بۆ ماوەیەک بەند دەکرێت ) حبس ( کە لە (6) مانگ کەمتر نەبێت و لە (5) ساڵیش زیاتر نەبێت وە بە غەرامەیەکیش سزا دەدرێت کە لە (1000000) یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (5000000) پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بە یەکێک لەو دوو سزایە سزادەدرێت .

بەپێی ماددەی سێیەم لەیاساکەدا ئاماژەبەوەکراوە: هەرکەسێک بە ئەنقەست تەلەفۆنی خانەیی (مۆبایل) یان ئامێرێکی پەیوەندی پەیوەندی کردنی تەلدار یان بێ تەل یان ئەنتەرنێت یان پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ چارس کردنی خەڵک جگە لەو حاڵەتانەی کە لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، ئەوا بۆ ماوەیەک کە لە (3) مانگ کەمتر نەبێت و لە (1) ساڵێکیش زیاتر نەبێت بەند) حبس ( دەکرێت وە بە غەرامەیەکیش سزا دەدرێت کە لە (750000) حەفسەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (3000000) سێ ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بە یەکێک لەو دوو سزایە سزادەدرێت .(هەمان سەرچاوەی پێشوو)

## 3. لایەنی کردەنی (پراکتیکی) توێژینەوەو شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی

### 3.1 ڕێکارەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، لەڕووی کۆکردنەوەی داتاو کاری مەیدانییەوە، کار بە ئامرازی ڕاپرسی و گفتوگۆی گروپ کراوە .


بۆ ئەم مەبەستەش فۆرمێکی ڕاپرسی ئامادەکراوە، کە 17 حەڤدە پرسیاری لەخۆگرتبوو، کە تێیدا 3 سێ پرسیاری گشتی و 14 چواردە پرسیاریش لەچوارچێوەی پرسیاری تایبەت بووە دەربارەی توێژینەوەکە، فۆرمی ڕاپرسیەکەش بەشێوازی ئۆنلاین بووە لە ڕێگای گۆگڵ فۆرمەوە لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

سامپڵی ڕاپرسیەکە پێکدێت لە (255) بەشداربوو بەشێوەی هەرەمەکی سادە لەناوەندەکانی خوێندن لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی کچان دەستنیشانکراون و وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، بەڵام سێ فۆرم پڕنەکراوەتەوەو نەگەڕێندراوەتەوە، بۆیە تەنها (252) بەشداربوو ڕاپرسیەکەیان پڕکردۆتەوە .

هەر لە هەمان سامپڵی توێژینەوەکە چوار گروپی گفتوگۆمان وەرگرت تاوەکو وەڵامەکانمان وردتر دەست بکەوێت و بگەین بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.بۆ ئەو مەبەستە هەر گروپێك پێکهاتبوو لە 6بۆ8 قوتابی کە بەشێوەیەکی زانستیانە گفتوگۆیان لەگەڵ کراو وەڵامی پرسیارەکان درایەوە.

### 3.2 خستنەڕوو و شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی


دوای ئەوەی توێژەران فۆرمەکانی ڕاپرسیان دابەشکرد بەسەر سامپڵی لێتوێژراواندا تاوەکو بگەن بە ئامانجی توێژینەوەکەو شیکردنەوەو شەنوکەوکردن و کۆکردنەوەی داتاکان، شیکردنەوەکان بەم شێوەیەیە:




شێوەی (1) دەرخستنی زۆرترین بەکارهێنانی ئەپەکانی چات و پلاتفۆڕمەکان پیشان


بەپێی شێوەی ژمارە (1) دەردەکەوێت کە لێتوێژراوان پلاتفۆڕمی سناپچات لەنێو ئەپەکانی چات و پلاتفۆڕمەکان زۆرتر بەکاردەهێندرێت بەڕێژەی (70.6%) و هەر یەك لە ئەپەکانی تیکتۆك و ئینستاگرام و فەیسبوك لەدوای سناپچات یەك لە دوای یەك زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، هەرچی دەربارەی ئەپی بەکارنەهاتوو لەنێو لێتوێژراوان بریتیە لە ئەپی چاتی سیگناڵ بەڕادەیەك کە ڕێژەکەی (0%) ە، لێرەدا دەردەکەوێت کە سنپاچات لەتەمەنی سەرەتای هەرزەکاری و سەرەتای گەنجیدا زیاتر بۆ چێژوەرگرتن و پەیوەندی تایبەت بەکاردەهێندرێت .

10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp152-163





شێوەی (2) دەربارەی هۆشیاری لەسەر هەراسانکردن و گێچەڵکردن دەردەخات

لە شێوەی ژمارە (2) هۆشیاری ڕووندەبێتەوە دەربارەی هەراسانکردن و گێچەڵکردن و تێیدا دەردەکەوێت کە لێتوێژراوان بەرێژەی (48.8%) تا ڕاددەیەك زانیاریان هەیەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە چەندین سیمیناری هۆشیاری پێشکەشیان کراوە لەناو ناوەندەکانی خوێندن، بەڵام ڕێژەی (14.3%) زانیاری و هۆشیاری زۆر باشیان هەیە کە بەهەمان شێوە بۆ هۆکاری بەشداربونیان لەخول و سیمینارەکان دەگەڕێتەوە لەگەڵ بەدواداچونی زیاتری خۆیان بۆ ئەو پرسە.





شێوەی (3) ڕوبەڕوبونەوەی هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی شیدەکاتەوە

بەپێی شێوەی ژمارە (3) کە لای توێژەران دەربارەی ڕوبەڕووبونەوەی هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی وەڵامیان داوەتەوە دەردەکەوێت (71.4%) بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە، بەومانایەی ڕوبەڕووی هەراسانکردنی سێکسی نەبوونەتەوە و وەڵامی بەڵێ بەپلەی دووەم دێ بەرێژەی (21.8%) بەو مانایەی کە ڕوبەڕووی هەراسانکردنی سێکسی بونەتەوە، هەرچی وەڵامی نەخێرە بەرێژەی (7.8%) ە کە بەپلەی سێیەم دێت و لێتوێژراوان نازانن کە ڕوبەڕووی هەراسانکردنی سێکسی بونەتەوە یان نا، دەشێت لێتوێژراوان هۆشیاریان دەربارەی ناسینەوەی هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی نەبێت یان نەوێرن و نەیانەوێت ڕاستیەکە بدرکێنن.





شێوەی (4) هەراسانکردن لەلایەن ڕەگەزەکانەوە پیشان دەدات

لە شێوەی ژمارە (4) دا کە تایبەتە بە هەراسانکردنی کچان لەلایەن ڕەگەزەکانەوە ئەوەدەردەکەوێت کە ڕێژەی (41.3%) لێتوێژراوان نازانن کە ئەوانەی هەراسانیان دەکەن لەکام ڕەگەزن و ڕێژەی (11.9%)ی لێتوێژراوانیش دەریانخستوە کە هەراساندەکرێن لەلایەن کچان و کوڕانەوە، لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەوانەی کچان هەراساندەکەن هەر بەتەنها لەڕەگەزی نێر نین بەڵکو کچانیش بەشێکن لەو هەراسانکردنانە، لێرەدا کێشەیەك بەدی دەکرێت کە کەڵك وەرگرتنی خراپە لەم پلاتفۆرمانە ، بەهۆی ئەوەی هەموو بەکارهێنەرێك بەئاسانی دەتوانێت ناسنامەو ڕەگەزی خۆی بشارێتەوە، ئەمەش گرفت بۆ لایەنی پەیوەندارو ڕێکخراوەکان دروست دەکات لەهەمبەر ناسینەوەی ئەو بەکارهێنەرانەی کە ئامانجیان گێچەڵ و هەراسانکردنە لەم پلاتفۆرمانەدا.




شێوەی (5) هەراسانکردن لەرێگای پلاتفۆرم و ئەپی چاتەوە شی دەکاتەوە


بەپێی شێوەی ژمارە (5) تێیدا دەربارەی هەراسانکردن لەرێگای پلاتفۆرم و ئەپی چاتەوە ئەوە دەردەکەوێت کە زۆرترین هەراسانکردن لەرێگای پلاتفۆرمی (سناپچات)ەوەیە بەرێژەی (47.6%) و هەریەکە لە ئەپەکانی چاتی وەتس ئەپ و سیگناڵ کەمترین ڕێژەن بۆ ڕوبەڕووبونەوەی هەراسانکردنی کچان بەرێژەی (0.8%)، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کچان زۆرتر پلاتفۆرمی سناپچات بەکاردەهێنن، چونکە پلاتفۆرمەکە ڕاکێشەرە بۆ کچان بەهۆی بەکارهێنانی فلتەرەکانی جوانکردنی ڕوخسارو ڕەشکردنەوەی تۆماتیکی نامەکان لەنێوان بەکارهێنەران و ناردنی کورتە ڤیدیۆو وێنەو دەنگ و چەند تایبەتمەندیەکیتری هەیە، هەروەها ئەپەکانی وەتس ئەپ و سیگناڵ بەکەمتر بەکاردەهێنن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو دوو ئەپە درەنگتر پێشکەش کران و ئاسانترین لە بەکارهێنان و زیاتر بۆ کاری ڕەسمی بەکاردەهێندرێن .




شێوەی (6) تایبەتە بە ڕوبەڕوبونەوەی جۆرەکانی هەراسانکردن


10.24086/cuejhss.v8n2y2024.pp152-163

بەپێی شێوەی ژمارە (6) کە جۆرەکانی هەراسانکردن شیدەکاتەوە تێیدا دەردەکەوێت زۆرترین جۆری هەراسانکردن لەلایەن لێتوێژراوانەوە ئاشکراکراوە کە جۆری زارەکیە بەڕێژەی (62.7%) و هەراسانکردنی سێکسیش کەمترین ڕێژەی هەیە بەڕێژەی (2.8%) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بەهۆی ژینگەی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و کلتورەوە هەراسانکردنی سێکسی ڕێگەپێدراو و قبوڵ نیەو ترسی کۆمەڵایەتی لەسەرە، بەڵام هەراسانکردنی زارەکی بەرانبەر بە کچان ڕێگەخۆشکەرترە لەڕێگای ئەپ و پلاتفۆڕمەکانەوە .





شێوەی (7) شێوازی هەراسانکردن دەخاتەڕوو

بەپێی شێوەی ژمارە (7) شێوازی هەراسانکردن دەخاتەڕوو کە تێیدا دەردەکەوێت ڕێژەی (45.6%) ی لێتوێژراوان ڕووبەڕووی توانج دەبنەوەو (12.3%)ی لێتوێژراوانیش هیتریان هەڵبژاردووە، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە زۆرترین شێوازی هەراسانکردن توانجە بەهۆی ئەوەی لەڕێگای نامەو کۆمێنت و پەیامەوە ئەو شێوازی هەراسانکردنە ئاسان ئەنجام دەدرێت .




شێوەی (8) گرتنەبەری ڕێکاکانی دوای هەراسانکردن شیدەکاتەوە

بەپێی شێوەی ژمارە (8) کە تایبەتە بە گرتنەبەری ڕێکاکانی دوای هەراسانکردن و تێیدا دەردەکەوێت (39.7%) ی لێتوێژراوان کاتێك ڕووبەڕووی هەراسانکردن دەبنەوە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیان قسەدەکەن و باسی دەکەن، بەڵام ڕێژەی (3.2%) پەیوەندی دەکەن بەلایەنی پەیوەندیدارو پۆلیسەوە ، لێرەدا دەردەکەوێت کە لێتوێژراوان زیاتر پشت دەبەستن بە ئەندامانی خێزانەکەیان کە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پەروەردەی خێزانی و متمانەیان بە کەس و کاریان، بەڵام کەمترین ڕێژەی لێتوێژراوان پەیوەندی دەکەن بەلایەنی پەیوەندیدارو پۆلیسەوە، کە ئەمەش پێویستی بە دروستکردنی متمانەو بەخشینی زانیاری و هۆشیاری بەردەوامە بۆ ئەو لایەنە .




شێوەی (9) متمانەدان بەلایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە شیدەکاتەوە

بەپێی شێوەی ژمارە (9) کە متمانەدان بەلایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەخاتەڕوو دەردەکەوێت ڕێژەی (34.9%)ی لێتوێژراوان متمانەی زۆریان هەیە بەلایەنی پەیوەندیدارو ڕێژەی (3.6%)ی لێتوێژراوان بەنازانم وەڵامی ئەوەیان داوەتەوە کە متمانەیان هەیە یان نا ، لێرەشدا دەردەکەوێت کە ڕێژەیەکی باش متمانەیان بەلایەنی پەیوەندیدار هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەڵام پێویستە کار لەسەر ئەوە بکرێت کە هێشتان ژمارەیەکی بەرزترو زیاتری کچان هۆشیار بکرێنەوەو زانیاریان پێبدرێت لەسەر شێوازی کارکردن و بەدەمەوەچوونی ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی کە دەتوانن مافەکانیان بپارێزن و بەرگریان لێبکەن .

## 3.3 شیکردنەوەی گفتوگۆی گروپەکان

گروپەکان بریتین لە چوار گروپ هەریەکی 6تاکو 8 قوتابی لەخۆ دەگرێت ، کە بەشێوەیەکی ورد و زانستیانە ئەو پرسیارانەیان ئاراستە کراوە کە دەمانگەیەنێت بە ئامانجی توێژینەوەکە و وەڵامەکان تۆمار کراوە بەو شێوەی خوارەوە:

1\ لە وەڵامی پرسیاری تاچەند لە هەراسانکردن تێگەیشتووی:

زۆربەری گروپەکان تا ئاستێك تێگەیشتوون لە هەراسانکردن بەڵام بە ئاستی جیا جیا بۆنموونە گروپی (1)پێیان وایە هەراسانکردن واتا بڵاوکردنەوەی نهێنی کەسەکان و هەرەشە کردن، هەروەها گروپی (4)و(3) و(2) پێیان وایە هەراسانکردن واتا قسە و گوفتاری ناشیرین بەرانبەر کەسێك .کەواتە لێرە بۆمان دەردەکەوێت ئاستی تێگەیشتنی سامپڵی توێژینەوە تا ئاستێکی سەرەتاییە و وەك پێویست نیە.

2\ لە وەڵامی پرسیاری شێوازەکانی هەراسانکردن چین:

گروپی (1)و(4)پێیان وایە زیاتر قسە و گوفتاری ناشرین و هەرەشەکردن دەگرێتەوە، هەرچی گروپی (3)پێیان وابوو زیاتر فێڵ کردن لە ڕێی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و دروست کردنی ئەکاونتی ساختە دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گروپی (2)پێیان وایە هەرەشەکردن و داواکردنی پارە و هەڵخەڵەتاندنی کچان دەگرێتەوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سامپڵی توێژینەوە زانیارییان لەسەر شێوازەکانی هەراسانکردن تەنها حاڵەتە باوەکانە و ئەوانەی لە ڕێگەی خێزان یان میدیاوە بۆیان باس کراوە و یاخود ئەوەی ئەزموونیان کردوە. واتا شێوازەکانی هەراسانکردن بەشێوەیەکی ورد و زانستی لێی شارەزا نین.

3\ لە وەڵامی پرسیاری لە ڕێگەی کام پلاتفۆرمەوە تووشی هەراسانکردن بویت؟

گروپی (1) لە ڕێگەی تیك تۆك و ئینستاگرام زیاتر تووشی هەراسان کردن دەبنەوە، هەرچی گروپی(2) لە ڕێگەی تیك تۆك و هەندێ کات یاری ئەلیکترۆنی ، گروپی (3) و(4)زیاتر لە ڕێگەی وەتسئاپ و سناپچات و ئینستاگرام تووشی هەراسانکردن دەبنەوە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەکارهێنەر زیاتر کامە ئەپ و پلاتفۆرم بەکارببێنێت و زیاتر ببێنێتەوە بێگومان پەیوەندییەکانی لەو پلاتفۆرمە فراوانتر دەبێت و بەمەش سەردەکێشێ بۆ ڕوودانی هەراسانکردن.

4\ لە وەڵامی پرسیاری ئایا هەست بەسەلامەتی دەکەی لەکاتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا:

لەوەڵامی ئەو پرسیارە تەنها گروپی (2) گوتیان تا رادەیەك هەست بەسەلامەتی دەکەین چونکە پێیان وابوو دەتوانن خۆیان بپارێزن. بەڵام سەرجەم گروپەکانی تر باسیان لەوە کرد کە هەست بەسەلامەتی ناکەن لە کاتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی

سۆشیال میدیا. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت بە پێی پێویست شارەزا نین لە چۆنیەتی بەکارهێنان و خۆپاراستن لە ناو پلاتفۆرمەکان.

15\ لە وەڵامی پرسیاری ئایا لەکاتی بوونی هەراسانکردن لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە پەیوەندی بە کێ دەکەی:

گروپی (1) و(4) لەکاتی ڕوودانی هەراسانکردن پەیوەندی بە هاوڕێ نزیکەکانیان دەکەن و پشت بەخۆیان دەبەستن. هەرچی گروپی (2)و (3) لای کەس باسی ناکەن تا دەگاتە حاڵەتی مەترسی ئەوکات لای خێزانەکانییان وەك دایك یان خوشك باسی دەکەن و هەندی جار لای مامۆستاکانیان باسی دەکەن. هیچ لە گروپەکان پەیوەندی بە لایەنی فەرمی وەك هێڵی گەرمی 119 ناکەن . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کچان زانیاری و متمانەیان نیە بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانییان.

## 4. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

دوای ئەوەی توێژەران لە ئەنجامی چاوپێکەوتن و شیکردنەوەی فۆڕمەکانی ڕاپرسی لەگەڵ نمونەی توێژینەوەکاندا زانیاریەکان کۆکردەوەو شیکاریان کرد، لە ئەنجامگیریدا گەیشتن بەو ئەنجامانە:

1. زۆربەی کچان لەبەکارهێنانی ئەپەکان و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا ڕووبەڕووی هەراسانکردن دەبنەوە.
2. ئاستی ناسینەوەی شێوازەکانی هەراسانکردن لە لایەن کچانەوە تەنها شێوازە باوەکانن کە لە کۆمەڵگە باس دەکرێن واتا تێگەیشتنی ورد و زانستیان نیە بۆ شێوازە جیاوازەکانی هەراسانکردن.
3. کچان تا ڕادەیەکی باش ئاستی هۆشیاریان بەرزە دەربارەی هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی و دەتوانن خۆیان بپارێزن و بەرگری لە خۆیان بکەن، باوەڕیشیان وایە کە هەست بە سەلامەتی دەکەن و مەترسیان لەسەر نیە. بەڵام لە چاوپێکەوتنی گروپەکان دا ئاماژە بەوە دەکەن کە هەست بەسەلامەتی ناکەن.
4. ئەو کچانەی ڕووبەڕووی هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی دەبنەوە، لەلایەن هەردوو ڕەگەزی (نێرو مێ) هەراساندەکرێن و زۆرینەی جاریش ڕەگەزەکە ناناسرێتەوە بەهۆی ئەوەی لەڕێگای ئەپەکانی و پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیاوە ئاشکرا نیە، کە ئاخۆ ئەو کەسەی هەراسانکردن ئەنجام دەدات لەکام ڕەگەزن.
5. پلاتفۆڕمی سناپچات زۆرترین بەکارهێنەری هەیە لە لایەن کچانەوەو زۆرترین هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسیش لەڕێگای ئەو پلاتفۆڕمەوە ڕووبەڕووی کچان دەبێتەوە.بەڵام ئەوەی کە گفتوگۆی گروپەکان دەردەکەوێت جۆری ئەو پلاتفۆرمەی کەزۆرترینی هەراسانکردنی لێ ڕوودەدات بەندە بە زۆرترینی بەکارهێنان واتا ئەو پلاتفۆرمەی زۆرتر بەکاردێت پەیوەندییەکانی لێ فراوانتر دەبێ و ئەگەری هەراسانکردنی زیاترە.
6. توانج بەربڵاوترین شێوازی هەراسانکردنە کە کچان لەڕێگای ئەپ و پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیاوە ڕووبەڕووی دەبنەوە.
7. لەوکاتەی کچان ڕووبەڕووی هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی دەبنەوە کێشەکانیان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیان باس دەکەن و زۆرترین متمانەیان بەخێزانەکەیانە تا کێشەو گرفتەکانیان باس بکەن، بەڵام ڕێژەیەکی کەم پەیوەندی بەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن.
8. هێڵەگەرمەکان هۆکارێکی باشن تا کچان زانیاری و هۆشیاریان دەستکەوێت و پەنای بۆ بەرن لەوکاتانەی کە ڕووبەڕووی هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی دەبنەوەو ئاشنان بە هێڵەکان.
9. بەشێك لە کچان متمانەیان بە لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەڵام ڕێژەیەکی زۆری کچانیش دڵنیانین لەوەی دەتوانن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پشت بە لایەنە پەیوەندیدارەکان ببەستن یان نا.

### 4.1 دەرئەنجامەکان

لە دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەبینین کە جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت لەئەنجامەکانی نێوان فۆرمی ڕاپرسی و گفتوگۆی گروپەکان. ئەمەش دەکرێ بەهۆی ئەوەی بێت کە لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە کچان کەمتر متمانەیان بە پاراستنی زانیاریەکان هەیەو وەڵامەکان دیاری کراون، بەڵام لە ڕێگەی گفتوگۆی گروپەوە زیاتر متمانەیان هەبوو وە وەڵامەکان کراوە بوو دەیانتوانی زانیاری وردترو زیاتر پێشکەش بکەن. بۆ نمونە لە ئەنجامی زانیارییەکانی فۆرمی ڕاپرسی دەرکەوتوە کە کچان هەست بەسەلامەتی دەکەن لە کاتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان بەڵام لە ڕێگەی گفتوگۆی گروپەکان دەرکەوتووە کە هەست بەسەلامەتی ناکەن و چەندین جار تووشی هەراسانکردن بونەوە. بەڵام لە خاڵێکدا هەردوو ڕێگاکە وەڵامەکان وەك یەکە کە متمانەیان نیە بە لایەنە پەیوەندیدارەکان و کێشەکانییان بۆ هاوڕێ یان خێزان باس دەکەن. هەروەها لە ئەنجامێکی تردا لە فۆرمی ڕاپرسی دەرکەوتووە کە سناپچات زۆرترین بەکارهێنەری هەیە، بەڵام لە گفتوگۆی گروپەکان ئەپە بەربڵاوەکان جیاوازن وەك تیکتۆك و ئینستاگرامیش بەکارهێنەری زۆریان هەیە.

### 4.2 ڕاسپاردەو پێشنیازەکان

توێژەران لەپێناو برەودانی زیاتر بە کچان و پاراستنیان لەڕووبەڕووبونەوەی هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی لە ئەپ و پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیاو لە سۆنگەی ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەران پێی گەیشتوون ئەو ڕاسپاردەو پێشنیازانە دەخاتەڕوو:

#### 4.2.1 ڕاسپاردەکان

1. پێویستە توێژەرانی بواری کۆمەڵایەتی توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن و لێکۆڵینەوە بکەن لە دیاردەی هەراسانکردنی کچان لەڕێگەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لە شارەکانی هەرێمی کوردستان.
2. گرنگە لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە لەبواری دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە ئەپێکی تایبەت دروست بکرێت و سەرجەم زانیاریەکانی تایبەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و سەرجەم ئەو لایەن و بەڕێوبەرایەتی و ڕێکخراوانەی کار لەو بوارە دەکەن، تێیدا بناسێندرێن و باسبکرێن و هاندانی تێداهەبێت بۆ هەموو ئەوانەی کە شەرم دەکەن کەیسەکانیان ئاشکرا بکەن.

3. خولی تایبەت بکرێتەوە بۆ کەمکردنەوەی ئاسەوارەکانی دیاردەی هەراسانکردنی کچان لەرێگەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بۆ ئەو کەسانەی بونەتە قوربانی.
4. توێژەرانی بواری کۆمەڵایەتی و دەروونی لەهەوڵە تاکە کەسیەکانیان کاراین و بەشدارین لە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی کچان لە دیاردەکان هەراسانکردن لە رێگەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا.

**4.2.2 پێشنیازەکان**

1. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێگای وەزارەتی پەروەردەوە لەنێو پرۆگرام و وانەکانی خوێندن، بابەتێکی تایبەت لەپرۆگرامەکانی کارامەیی جێ بکاتەوەو گرنگی بەو بابەتە بدات، تاوەکو لەرێگای قوتابخانەوە، کچان و کوڕان هۆشیار بکرێنەوە، لەڕوی خۆپاراستن و زانیاری و لە مەترسی و زیان و دەرئەنجامە زەرەرمەندەکانی دوای هەراسانکردنیش .

2.. رێکخراوە مەدەنی و ناحکومیەکان کاربکەن لەسەر مۆدێل و هەڵمەت و بابەتەکانی تایبەت بەڕووبەڕوبونەوەی توندوتیژی و هۆشیاری بەردەوام دەربارەی هەراسانکردن و شێوازی بەکارهێنان و مەترسی و توندوتیژیە ئەلیکترۆنیەکان بۆ گەنجان و لاوان بەهەردوو رەگەزە.

3. بەڕێوەبرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سەر بەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی خزمەتەکانی چڕبکاتەوە لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی زانیاری بەخشین و پاراستن و هۆشیاری و بەدەمەوەچونی گەنجان و رزگاربوانی هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی.

4. بەڕێوەبرایەتی ڕووبەڕوبونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، هەڵمەتەکانی ناساندنی هێڵی گەرمی 119ی تایبەت بە توندوتیژی فراوان بکات، بەجۆرێك هەموو هاوڵاتیان پێی ئاشنا بن.

5. میدیاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەرنامەی تایبەتیان هەبێت و کەسانی شارەزاو پسپۆڕو بەتوانا بانگهێشت بکەن و بەرنامەی وەرزی تایبەتیان هەبێت بەسەرجەم پرسەکان و مەترسی و رێنماییەکانی ڕووبەڕوبونەوەی توندوتیژی و هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی.

**سەرچاوەکان**

بەرزنجی، هیوا .(2023). گوتاری بازاڕسازی لە سۆشیال میدیادا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

حوسنی، تالیب. (2007). رێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

ساڵح، چیمەن .(2018). میدیا بەکاربخە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەمازۆن: هەولێر.

ئەحمەد، سەرباز (2020). فەیك نیوز و کۆتایی دەقیقەت و سەردەمی جەنگی بایۆپۆڵەتیك. چاپی یەکەم، چاپخانەی(رۆژهەڵات): هەولێر.

هيئة الامم المتحدة, منظمة الصحة العالمية.(2022). حسين جمع البيانات الإدارية بشأن العنف ضد المرأة واستخدامها: الإرشاد الفني,نيويورك.

سكيك، هشـام أحمد عبدالكريم (2014)، دور الشـبكات التواصـل االجتماعي في توعية الشباب الفلسطيني باالقضايا الوطنية. رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة االسالمية الغزة، فلسطين

صابر، ظاهر حمد امین ، مولود، سامان جلال. (2021)، کاریگەری ڕێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر قوتابیانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، 3:بەرگی 8، 259-278 https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper14

کاکە شێخ، هەردەوان مەحمود، خضر، شیلان یاسین. (2019).کاریگەری بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لەسەر زمانی کوردی، فەیسبووك بە نموونە، توێژینەوەیەکی وەسفی راپێوییە بۆ ساملێك لە قوتابیانی کۆلێژی ئەدەبیات، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، 43 ،299-311.

محەمەد، د.کارزان (2022). مەترسیەکانی سۆشیالمیدیا لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، 15 ،66-73.

بەرنامەی ئێکس.2024. کاریگەری تیکتۆک و سۆشیال میدیا لەسەر کۆمەڵگە، بە میواندری د.کەیم شەریف قەرەچەتانی، کەناڵی کوردستان 24.لە 18ی کانوونی دووەم.

محەمەد، د.کارزان. (2024) . کاریگەرییە نەرێنییەکانی سۆشیال میدیا لەسەر کۆمەڵگای کوردی، وێبسایتی چاوی کورد. رێکەوتی سەردان کردن2\4\2024 لەم بەستەرەی خوارەوە:https://bit.ly/3SwJYPb

وریا، کاڵێ.(2016). توێژینەوەیەک: بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندی بەخەمۆکیەوە هەیە، وێبسایتی دەنگی ئەمریکا، رێکەوتی سەردان کردن:6\4\2024 لەم بەستەرەی خوارەوە :https://bit.ly/3yi7QPQ

وێستگە نیوز.(2021)، پسپۆڕان هۆشداری لە 50 زیانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەدەن. وێبساتی وێستگەنیوز. رێکەوتی سەردان کردن 12\4\2024 لەم بەستەرەی خوارەوە:https://bit.ly/4dnlY9d

عبود، محمود (2022) . ماهي وسائل التواصل الاجتماعي، في ويب اكسبانجارت. تم استرجاعه في 3\4\2024 علي الرابط https://bit.ly/3A6moTd

قادر، گۆران.(2015). بۆچی ناتوانین واز لە فەیسبوك بهێنین؟ پیوکەی میدیا وێبسایت، رێکەوتی سەردان کردن 6\4\2024 لەم بەستەرەی خوارەوە:https://bit.ly/3WKcjEc

یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن و سزاکانی لە هەرێمی کوردستان دا،پەرلەمانی کوردستان.(2008).یاسای ژمارە(6)، وێبسایتی پەرلەمان، رێکەوتی سەردان کردن 6\4\2024 لەم بەستەرەی خوارەوە:https://bit.ly/3A1wPHz

Al-Turif, G. A. R., & Al-Sana, H. A. R. (2023). The repercussions of digital bullying on social media users. *Frontiers, 14,* Article 3125. https://doi.org/10.3389/fpsyg.2023.003125

Begotti, T., & Acquadro Maran, D. (2019). Characteristics of cyberstalking behavior, consequences, and coping strategies: A cross-sectional study in a sample of Italian university students. *Future Internet, 11(5),* Article 11050047. https://doi.org/10.3390/fi11050047

Johnson, P. A., Widnall, S., & Benya, F. (2018). *Sexual Harassment of Women.* National Academies Press. https://doi.org/10.17226/24994

Raza, H., Nezhad, S., & Others. (2021). The role of social media content format and platform in users' engagement behavior. *Journal of Interactive Marketing, 53,* 47–65. https://doi.org/10.1016/j.intmar.2021.02.004

Social media. (2024). *Merriam-Webster Dictionary*. Retrieved April 5, 2024, from https://www.merriam-webster.com/dictionary/social%20media

The responsibilities of social media. (2021). *The Regulatory Review*. Retrieved April 5, 2023, from https://www.theregreview.org/2021/12/21/stephen-social-responsibility-social-media-platforms/

Meaning for social. (2024). *Vocabulary*. Retrieved May 4, 2024, from https://www.vocabulary.com/dictionary/social

**Abstract:** The main objective of the study is to present the role, impact and consequences of social media platforms in the spread of harassment of girls among users in the Kurdistan Region, from the perspective of a sample of girls living in Erbil, Soran region The results showed that the majority of girls using social media platforms are harassed, especially on Snapchat because it is the most widespread among girls in use. Research confirms that harassment is a widespread phenomenon in many countries, especially in the era of social networks, harassment methods are more noticeable, this study investigates how social media platforms in the Kurdistan Region become a platform for the increase of harassment of girls.

**Keywords:** Social media platforms, harassment, cyber-harassment, sexual Harassment.

Tang, L., & Liu, Z. (2023). How social media usage affects psychological and subjective well-being: Testing a moderated mediation model. *BMC Technology, 286*. https://doi.org/xx.xxxx/bmc-tech-286

Cambridge Meaning of harassment. (2024). *Cambridge Dictionary*. Retrieved April 12, 2024, from https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/harassment#google_vignette

Meaning of harassment. (2024). *Collins Dictionary*. Retrieved April 12, 2024, from https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/harassment

Massoudi, A., Birdawod, H., & Raewf, M. (2023). Personal Digital Marketing Influence on Successful Marketing Campaign in Today’s Digital Age. Cihan University-Erbil Journal of Humanities and Social Sciences, 7(1), 158-165.

Massoudi, A. H. & Fatah, S. J. (2024). Deceptive Point-of-Sale Marketing Tactics Impact on Consumer Purchase Intentions with an Attitude as a Mediator. Inquietud Empresarial, 24(2), 1- 23. https://doi.org/10.19053/uptc.01211048.1744 9